پەروەردەی رانیە ئاگاداری وانەبێژانی یەدەگ دەکاتەوە

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رانیە ئاگاداری مامۆستایانی وانەبێژانی یەدەگ دەکاتەوە کە وەڵامی پەیوەندییەکانی پەروەردەمان بدەنەوە، ئەوەش پەیامێکی هۆشدارییە بۆ ئەو مامۆستایانەی وانەبێژ کە لەم سنورەکەدا بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیان کردووە.

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رانیە ئەمڕۆ شەممە لە پەیامێکدا بڵاویکردەوە، "ئاگاداری هەمو ئەو وانەبێژانە دەکەین کە یەدەگن لە سنوری پەروەردەکەمان، وەڵامی پەیوەندییەکانی پەروەردەمان بدەنەوە یاخود ئەو ژمارە مۆبایلەی لای ئێمە داخڵکراوە داخراو نەبێت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبیت لە دواکەوتنی ریزبەندی لەکاتی دانانی وانەبێژ".

مامۆستایان لە شارەکانی سلێمانی، هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و ڕاپەڕین لە 13ی (ئەیلول/9)ی 2023وە بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیان کردووە و هەفتانە خۆپیشاندان ئەنجامدەدەن و داوای دابەشکردنی موچە هەمو 30 ڕۆژ جارێك و هاوكات گەڕاندنەوەی موچەی نەدراوەکان دەکەن.

هاوکات مامۆستایانی وانەبێژیش لەسەر شەقامن و داوا دەکەن دابمەزرێن و موچەکانیان

پ□بدر□ت، بە□□ام ھ□شتا وە□زارە□تی پە□روە□ردە□ی حکومە□تی ھە□ر□می کوردستان ھیچ بە□□ن□کی لە□وبارە□وە□ پ□نە□داون و دە□یە□و□ت ھە□رچ□ن□کە□ بگە□□نە□وە□ ناوە□ندە□کانی خو□ندن.